# سێ (جۆر لە خەڵکی) خوای گەورە قسەیان لەگەڵدا ناکات وپاکیان ناکاتەوە وسزایەکی سەخت دەدرێن لە ڕۆژی قیامەتدا

لە سەلمانی فارسیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سێ (جۆر لە خەڵکی) خوای گەورە قسەیان لەگەڵدا ناکات وپاکیان ناکاتەوە وسزایەکی سەخت دەدرێن لە ڕۆژی قیامەتدا: بەتەمەنێکی زیناکەر، وهەژارێکی خۆبەگەورەزان، وپیاوێک (سوێند خواردن بە خودا) وەکو شتومەک بەکاربهێنێت: هیچ شتێک ناکڕێت یان نافرۆشێت بە بێ سوێند خواردن بە خودا.»

[صەحیحە] [طەبەرانی گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە سێ جۆر لە خەڵکی شایستەی سزای خوای گەورەن لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەم سزایانە سێ جۆرن ئەگەر تەوبە نەکەن یان خودا لە سزادانیان خۆش نەبێت: یەکەم: خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا قسەیان لەگەڵدا ناکات بەهۆی زۆری توڕەیی لێیان بەڵکو وازیشیان لێدەهێنێت، یان بە شێوەیەك قسەیان لەگەڵدا دەکات کە پێی ئاسوودە نین وبەڵگەیە لەسەر توڕەبوونی لێیان. دووە: خاوێنیان ناکاتەوە وستایشیان ناکات، وپاکیان ناکاتەوە لە تاوانەکان. سێیەم: وبە سزایەکی توند وسەخت ئازار دەدرێن لە قیامەتدا. ئەم سێ جۆرە لە خەڵکی بریتین لە: جۆری یەکەم: پیاوێك بەتەمەنە وتاوانی داوێن پیسی دەکات. دووەم: هەژارێکی خاوەن پارە وسامان نییە لەگەڵ ئەمەیشدا خۆی بەگەورە دەزانێت بەسەر خەڵکیدا. سێیەم: ئەوەی زۆر سوێند دەخوات لە کڕین وفرۆشتندا، سوێند دەخوات بە ناوی الله ودەیکات بە هۆکارێك بۆ بەدەستهێنانی پارە وسامان.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5952